# ئامێدی

# ناوەندێکی زانستی و ئەدەبی لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینانان دا

| ئاراس محەممەد ساڵح |
| نووسەر و لێکۆڵەر |
| زانکۆی سلێمانی |

**چکیدە**

شاری ئامێدی لە دوای ئەوە کراوەتە ناوەندی حوکمڕانی میرایەتی بادینان بووەتە ناوەندێکی زانستی و ئەدەبی لە ناوچەکەدا، کۆمەڵێک هۆی سەرەکی پاڵنەری گەشە کردنی ئەو شارە بوون لە هەموو ڕووەکانی زانستی و ئەدەبی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، پشتگیری میرەکانی بادینان لە پرۆسەی خوێندن و هاوکاری خەڵکەکەی و سروشتی کۆمەڵایەتی ناوچەکەو ئارامی سیاسی لە زۆربەی کاتدا لە سنووری قەڵەمڕەوی بادیناندا لە گرنگترین هۆیەکانی ئەو گەشەکردنە بوون.

گەشەکردنی بزاڤی خوێندن و ڕۆشنبیری تەنها لە ناوەندی شاری ئامێدیدا نەبووە، بەڵکوو لە زۆرێک لە شارۆچکەو گوندەکانی ناو سنووری ئەو میرایەتیدا خوێندنگەو زانای باش هەبوون، لە گرنگترین خوێندنگەکانی سنوری میرایەتی بادینان خوێندنگەی قوبەهان بووە، ئەم خوێندنگەیە لەسەر شێوەی زانکۆ گەورەکانی ئەم سەردەمە دروست کراوەو شوێنەکەی کەوتووەتە دەرەوەی شارەوە، ژووی خوێندن و بەشی ناوخۆیی و ژووری مامۆستاو کتێبخانەو چێشتخانەی هەبووە، هەر وەها ژمارەیەک ئاش و چەند گوندێکی بۆ وەقف کراوە بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن بەردەوام بێت لە هەموو بارودۆخێکدا. لە خوێندنگەکانی بادیناندا زانستە ئیسلامییەکان بە چڕوپڕی خوێندراون، هەر وەها زانستی نوژداری و پزیشکی خۆماڵی و ئەدەب و هەندێ بابەتی تر کە پێویستی ژیانی ئەو ڕۆژگارە بوون گرنگیان پێدراوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی گەشەکردنی فەرهەنگی زانستی و کەلتووری لە سنووری میرایەتی بادیناندا.

**کلیلی وشەکان:** بادینان، عیمادییە، قوبەهان، مێژووی خوێندن، دەستنووس.

## پێشەکی

لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینان دا لە سنووری ئەو قەڵەمڕەودا بوژانەوەیەکی زانستی و ئەدەبی هەبووە، لە زۆرێک لە شار و شارۆچکەو گوندەکانی ئەو میرایەتیەدا مزگەوت و خوێندنگەو مامۆستای ناسراو هەبوون، میرەکانی بادینانیش درێغیان نەکردووە لە پشتگیری و هاوکاریی پرۆسەی زانست و خوێندن دا، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینییە ناوەندی میرایەتیەکە لە شاری ئامێدی بووە و بووەتە ناوەندێکی زانستی و خوێندەواری لەو سەردەمەدا.

شاری ئامێدی وەک پایەختی میرایەتی بادینان جێگەی بایەخی ئەو دەسەڵاتە بووە لە هەموو ڕووەکانی ئاوەدانی و خوێندن و دابین کردنی ئاسایشەوە، لەدوای ئەوەی ئەم شارە کراوەتە ناوەندی دەسەڵاتی میرایەتی بادینان پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە ڕووەکانی شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە، بە هۆی پشتگیری میرەکانەوە بووەتە ناوەندێکی گرنگی خوێندەواری و ژمارەیەک خوێندنگەو کۆگای کتێب و زانای گەورەی تێدابووە، لە زۆربەی ناوچەکانەوە قوتابی ڕوویان کردووەتە ئەم شارەو لە خوێندنگەکانیدا نیشتەجێ بوون و لە زانستی مامۆستا گەورەکانی بەهرەمەند بوون (المایی، ١٩٩٩: ٢٤٦).

## خوێندنگەکانی شاری ئامێدی

لە گرنگترین ئەو خوێندنگایانەی لە شاری ئامێدیدا بوون لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینان دا ئەمانەن:

### خوێندنگەی عەتیقە

دێرینترین خوێندنگەیەک هەواڵی بە ئێمە گەیشتووە، خوێندنگەی ناو براوە بە عەتیقە، لە ڕۆژگاری میرایەتی ئامێدیدا بە خونێدنگەی زاهیدیە **(الزاهدیة)** ناسراوە، بە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە ژنە میرزادە زاهیدەی عەباسییەوە (٧٢٩ی ک. / ١٣٢٨ی ز.) ناو براوە، کەوتووەتە ناو شوورای شارەکەوە، دەستنووسێکی تێدا نووسراوەتەوە (شرح الایجاز) لە ساڵی ١١٤٠ی ک. /١٦٣٠ی ز. لێکۆڵەران پێیانوایە هەمان خوێندنگەیە کە دواتر بە ناوی سەیدی خان ناسراوە. میری بادینان سەیدی خان بەگ لە ساڵی ٩٩٢-١٠٢٩ی ک. / ١٥٨٤-١٦١٩ی ز. نۆژەنی کردووەتەوە؛ لە دوای ئەوە بە خوێندنگەی نوێ **(الجدیدة)** ناسراوە.

ئەوەی لە شوێنەواری ئەم خوێندنگەیە بە دەستمان گەیشتووە، دەستخەتی «حقائق الدقائق»ە بە خەتی تەها کوڕی سەید مووسا کوڕی شێخ عوبێد کلیرمانی لە ساڵی ١١٥٨ی ک. /١٧٤١ی ز. لە خوێندنگەی **(الجدیدة)** نووسراوەتەوە (عبدالسلام رؤوف، ٢٠٠٦: ١١٤-١١٦).

لە سەدەکانی دوایی‌دا بە خوێندنگەی مەلا یەحیای مزووری ناسراوە، بە ناوی زانای گەورە مەلای یەحیای مزووریەوە کە لە سەدەی سیانزەی کۆچی‌دا ناوبانگی دەرکردووە، بە هۆی زۆری دانراو و فەقێکانیەوە، بەشداری کاروباری سیاسی ڕۆژگاری خۆی کردووە، ڕۆژگارێکی زۆر لەو خوێندنگەدا وانەی وتوەتەوە. ژمارەیەک زۆر لە قوتابیانی زانستی لەسەر دەستی دەرچوون و خوێندنیان تەواو کردووە.

لە دوای مەلا یەحیاشەوە خوێندن لەم خوێندنگەدا بەردەوام بووە، چەند مامۆستایەک وانەیان تێدا وتوەتەوە، لەوانە: مەلا مەحموود ئەفەندی ئامێدی (١٣٢٣ی ک. / ١٩٠٣ی ز.) جێگەی سەردانی قوتابیە زیرەک و بەهرەدارەکان بووە هەتا کۆچی دوایی کردووە، لە دوای ئەویش مەلا سەلیم کە نەوەی مەلا یەحیای مزووری بووە وانەی وتوەتەوە، دواتر ئەم خوێندنگەیە وێران بووە و شوێنەکەی کراوەتە ناوەندی سۆلاڤی کچان (العزاوي، ١٩٩٨: ٩٢).

**خوێندنگەی قەزا (القضاء)**

ئەم خوێندنگەیە پێشبڕکێی زانستی لەگەڵ خوێندنگەکانی پێش خۆی‌دا کردووە، لە کۆتایی دەست‌خەتێکی «التحفة»وە ئاماژەی پێکراوە، نووسەرەوەکەی باسی ئەوەی کردووە لە ساڵی ٧٧٦ی ک. / ١٣٧٤ی ز. لەم خوێندنگەدا نووسیویەتیەوە، زانیاری نیە بۆچی بە قەزا (القضاء) ناو براوە، وە پاڵدراوەتە چ (القضاء)یەک، سەرچاوەکان بێدەنگ بوون لە ئاستی ناونانەکەی‌دا (عبدالسلام ڕؤوف، ٢٠٠٨: ١١٦).

**خوێندنگەی قوبەهان**

بە دێرین‌ترین خوێندنگەی ناوچەکە دادەنرێ، هەندێ لە لێکۆڵەران مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان، بەبێ پشت بەستن بە سەرچاوەی پێویست، ئەوەی جێگەی باسە مێژووی بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەم، یان سەدەی نۆیەمی کۆچی، بە پێی هەندێ لێکدانەوە، سەدەی چواردە و پازدەی زایینی، دەکەوێتە قووڵایی ئەو دۆڵەی ئامێدی دەڕوانێ بە سەری‌دا، مامۆستایان و قوتابیانی ناوچەکە ڕوویان تێکردووە.

میری بادینان سوڵتان حسێن نۆژەنی کردووەتەوە، بە ناوی کوڕەکەیەوە، قوبادخان، ناویناوە، دواتر ناوەکە گۆڕانی بە سەردا هاتووەو بووە بە قوبەهان.

ئەم خوێندنگەیە نموونەی خوێندنگەیەکی تەواوە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، حەوشەیەکی فراوانی هەیە، مزگەوتێکی گەورە لە پێشیەوە و گومەزێکی لە سەر بووە، لە پێشیەوە ژوور و شوێنی نوێژی هاوینە بووە، هەیوانێکی هەبووە ڕوانیویەتی بە سەر حەوشەکەی‌دا، ژووری جیاوازی بۆ

مانەوەی مامۆستایان تێدابووە، چەند ژوورێکی هەبووە بۆ بەشی ناوخۆیی قوتابیان، مزگەوت و منارەیەکی جوانی تێدابووە، هەر وەها کۆگایەک و گەرماو و تەویلەی هەبووە، ئاشێکی هەبووە، هەندێک لەوانەی کە لە کۆتاییەکانی خوێندن تێدا بینیویانە، وتویانە لەگەڵ ئەوەش‌دا بە هۆی تێپەڕینی ڕۆژگارەوە کۆن بووە، لەگەڵ جوانی و سەنگینی خۆی لە دەست نەداوە، وەک پارچەیەک لە چیا وابووە، وەک پارچە ئاڵتوونێکی لە قاڵبدراو بووە.

کتێب‌خانەیەکی پڕ لە کتێبی لە زانستە جیاوازەکان‌دا تێدابووە، زۆربەی کتێبەکانی وەقفی سوڵتان‌حسێن بووە، لە کۆتایی کتێبەکان‌دا مۆری تایبەتی خۆی لێداون کە تێیدا نووسراوە: **«الواثق بالملک الناسی حسین بن السلطان حسن العباسی»**.

لەگەڵ ئەوەش‌دا کە کۆگای کتێبەکانی تووشی کارەسات بوونەتەوە، بەڵام ژمارەیەک دەست‌خەت ماوەتەوە، یەکێک لەوانە کە دەقی وەقف‌نامەکەی لە سەرە، لەساڵی ١٠٨١ی ک. / ١٦٧٠ی ز. نوسراوەتەوە، لەو کتێبانەی لەو خوێندنگەیەدا دانراون، دەست‌خەتی «الرسالة الکریمیّة» لە ڕاڤەی کتێبی «الروزنامة» دانراوی حاجی عەبدولکەریمی مەحموود وانی، لە ساڵی ١١٣٥ی ک. / ١٧٢٢ی ز. نووسراوەتەوە، دەست‌خەتێکی ئیبراهیم ئامێدی لە خوێندنگەی قوبەهان‌دا نووسیویەتی لە سەردەمی سوڵتان بەهرام‌دا، لە ساڵی ١١٧٣ی ک. / ١٧٥٩ی ز.

هەر وەها دەست‌خەتی «المفصل فی صناعة الاعراب»ی زەمەخشەری، عەلی کوڕی سەید تەها لە ساڵی ١١٩٢ی ک. / ١٧٧٨ی ز. لە خوێندنگەی قوبەهان‌دا نووسیویەتیەوە، هەر وەها یەکێکی تر لەو دەست‌خەتانەی لەو خوێندنگەدا نووسراون «تفسیر سوره الفاتحة» دانراوی موفتی ئامێدی مەلا مەحموودی کوردی یە، لە ساڵی ١٢٠٢ی ک. / ١٧٨٨ی ز. کۆچی دوایی کردووە، بەرگێکی مامناوەندە، هەموو پیتەکانی بێ نوختەیە.

یەکێکی تر لە دەست‌خەتە نایابەکانی هەتا لەسەردەمی نوێ‌دا ماوە، «تفسیر الرازی» بووە لە یەک بەرگ‌دا، پارچەیەک بووە لە جوانی و ڕازاوەیی. هەر وەها کتێبی «الإبانة» لە فیقەدا، لە ساڵی ٦١٣ی ک. / ١٢١٦ی ز. نووسراوەتەوە، وە ڕەش‌نووسی «شرح نورالدین» لە فیقهـ‌دا، دانەرەکەی لە میسرەوە ناردوویەتی بۆ ئەوەی پیشانی زانایانی خوێندنگەی قوبەهان بدرێ، وە دەست‌خەتێکی قورئانی پیرۆز، نموونەیەک بووە لە جوانی هونەری نووسین.

بە هۆی گرنگی و ئاستی بەرزی زانستییەوە ئەم خوێندنگەیە پەیوەندی زانستی هەبووە لەگەڵ زانکۆی ئەزهەردا لە قاهیرە. سەرچاوە دارایی‌یەکانی کە لە ئێرانەوە بۆیان ناردووە بە

هۆقەیەک ئاڵتوون و دوو هۆقە زیو دانراوە، جگە لەوە سەد بار ئاردی ساڵانە بۆ هاتووە، دابەش کراوە بە سەر قوتابییەکانیدا کە ژمارەیان سەد قوتابی زیاتر بووە (مصطفی الکتانی، ۲۰۰۹: ۲۱؛ عبدالسلام رؤوف، ۲۰۰۸: ۱۱۶-۱۱۸؛ العباسی، ۱۹۶۹: ۱۵۵-۱۵۶؛ قەرەداغی، ۲۰۰۰: ۲۲۹/۳).

**خوێندنگەی موراد خان بەگ**

یەکێکی تر لە خوێندنگەکانی، خوێندنگەی مورادخان بەگ (۱۰۴۸-۱۰۷۲ی ک. / ۱۶۳۸-۱۶۶۱ی ز.) بووە، دامەزرێنەرەکەی مورادخان بەگ بووە و بە ناوی ئەوەوە ناو براوە، لە نزیک یەکێک لە دەرگاکانی شوورای شاردا بووە، گۆڕی دامەزرێنەرەکەی لە ناو خوێندنگەکەدایە، کۆگایەکی گەورەی کتێبی تێدابووە، مورادخان وەقفی کردووە، مۆری ئەم میرە لە سەر کتێبەکانە، دەقەکەی: **«الواثق بالله المنان عبده مرادخان»**.

لە بەناوبانگترین ئەو زانایانەی وانەیان تێدا وتوەتەوە، مەلا ئەحمەدی سدیقی بووە. میری ئامێدی داوای لێکردووە بڕوات بۆ ئامێدی لەو خوێندنگەیەدا وانە بڵێتەوە. قوتابیانی زانست ڕوویان تێکردووە، دوا مامۆستای زانای گەورە شوکری ئەفەندی موفتی ئامێدی بووە، ئەم خوێندنگەیە ڕوخێنراوە و کەلاوەکانی هەتا شەستەکانی سەدەی بیستەم ماون، دواتر لە ناو براوە و شوێنەواری نەماوەتەوە (عبدالسلام رؤوف، ۲۰۱۱: ۴۴۵؛ عبدالسلام رؤوف، ۲۰۰۸: ۱۱۸).

**خوێندنگەی ئیمام قاسم**

ئەم خوێندنگەیە میر غیاسەدین قاسمی کوڕی بەهاددین لە ساڵی ۷۸۴ی ک. / ۱۳۸۲ی ز. دایمەزراندووە. کۆگایەکی کتێبی تێدابووە، بە هۆی نالەبارییەکانی ڕۆژگارەوە لە ناو چووە.

**خوێندنگەی مزگەوتی گەورە**

ئەم خوێندنگەیە کەوتوەتە گۆشەیەکی مزگەوتەکەوە، سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ۵۳۷ی ک. / ۱۱۴۳ی ز. ئەوەی ڕاستییە خوێندنگەکە لە کاتی فراوان کردنی مزگەتەکەدا لە سەردەمی سوڵتان حسێنی عەباسیدا دروست کراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی کۆچیدا و سەدەی شازدەی زایینیدا، لای ڕاستی ژووری نوێژکردنەکەی داگیر کردووە، پێش ئەوەی لەگەڵ شوێنی نوێژ کردندا بکرێن بە یەک لەم دوایانەدا، دواتر تایبەت کراوە بە شوێنی نوێژی ژنانەوە، هەتا ئێستا ئەو بەشەی مزگەوتەکە تایبەتمەندی بیناسازی خۆی پاراستووە لەگەڵ بەشەکانی تری شوێنی نوێژ کردنەکە و هەندێ لە ژوورەکانی تری (عبدالسلام رؤوف، ۲۰۰۸: ۱۱۸).

**خوێندنگەی مەیدان**

بە ناوی گەڕەکی مەیدانەوە ناو نراوە، لە بەشی باشووری شارەکەدایە، هەندێ لە نووسەران تێکەڵاویان کردووە لەگەڵ خوێندنگەی شاری جوولەمێرگ، مەلا یاسین خانی (و: ١٣٣٧ی ک. / ١٩١٨ی ز.) وانەی تێدا وتوەتەوە.

**خوێندنگەی سەردبکییە**

ئەم خوێندنگەیە زانیاری پێویست لەسەر مێژووی دروست کردنی و کێ دروستی کردووە نیە، هیچ دەست‌خەتێک نیە ئاماژەی پێکردبێ و باسی مێژووەکەی کردبێ.

تەنها ئەم خوێندنگایانە نەبوون لە ئامێدی‌دا کە خزمەتی بزاڤی خوێندن و دانانی کتێب و نووسینەوەی دەست‌خەتیان کردووە، بەڵکوو زۆر شوێنەواری زانستی تر کە لە ئامێدی‌دا نووسراونەتەوە لە زانستە جیاوازەکان‌دا، بەڵام ناسنامەیان دیاری نەکراوە، وەک «المختصر» لە ساڵی ٩٠٠ی ک. / ١٤٩٤ی ز. لە ئامێدی نووسراوەتەوە، هەر وەها «منهاج العابدین»ی غەزالی، ئەبووبەکری کوڕی داود لە ساڵی ٩٩٦ی ک. / ١٥٨٧ی ز. لە ئامێدی نووسیویەتی.

کتێبی «الإعلال» لە زانستی سەرف‌دا، عەبدوڵای کوڕی ئەلیاس کەلکوری / کەلکودی دایناوە لە قەڵای ئامێدی کە پارێزراوە بە حکوومەتی بنەچەی سەیدخان عوسمان‌بەگ کوڕی سەعیدخان، لە ساڵی ١٠٩٩ی ک. / ١٦٨٧ی ز.دا.

هەر وەها «حاشیة علی شرح الشمسیة» لە نووسینی سەید شەریف جورجانی، عوبێدوڵای کوڕی سیبەغتوڵڵای حەیدەری لە ساڵی ١١٦٢ی ک. / ١٧٤٧ی ز.دا لە قەڵای ئامێدی نووسیویەتەوە. «حاشیة یوسف الأصم الکردی علی حاشیة عصام‌الدین علی الفوائد الضیائیة» عوبێدوڵای ناوبراو لە ساڵی ١١٦٣ی ک. / ١٧٤٩ی ز. لە قەڵای ئامێدی‌دا نووسیویەتیەوە، هەر وەها «حاشیة داود علی حاشیة السید علی تحریر القواعد المنطقیة» نووسەرەوەی ناوبراو لە ساڵی ١١٦١ی ک. / ١٧٤٧ی ز. لە سەر لووتکەی قەڵای ئامێدی نووسیویەتیەوە.

هەر وەها دەست‌خەتی «المختصر» عەبدوللەتیفی کوڕی یونسی شووشی لە ساڵی ١٢٤١ی ک. / ١٨٢٦ی ز. بۆ موفتی ئامێدی، ئەسعەد ئەفەندی موفتی، نووسیوەتەوە. دەست‌خەتی «الصواعق المحرقة»ی ئیبنوحەجەری هەیتەمی لە ساڵی ١١٠٩ی ک. / ١٦٩٧ی ز. نووسراوەتەوە.

## ئەنجام

ئەوەی تێبینی دەکرێ شاری ئامێدی لە ماوەی شەش سەدەی حوکمڕانی میرایەتی بادینان‌دا بە چالاکی زانستی زۆر دەرکەوتووە، بەو ناسراوەتەوە کە خوێندنگەی زۆر و کۆگای کتێبی زۆری تێدابووە، زۆر جێگەی تر کە مۆرکی ڕۆشنبیریان هەبووە، هەر وەها ژمارەیەکی زۆر دەست‌خەتی تێدا دانراوە و ڕاڤە کراون، یان پەڕاوێزیان بۆ نووسراوە، یان نووسراونەتەوە، لەسەر دەستی زانایان و بلیمەت و لێهاتوودا لە خەڵکی شارەکە، یان ئەوانەی بۆ خوێندن و فێر بوون ڕوویان تێکردووە (عبدالسلام ڕۆوف، ٢٠٠٨: ١١٩-١٢٠).

ئەو گەشە کردنەی شاری ئامێدی لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینان‌دا تەنها خوێندنگەی ئایینی نەبووە، بەڵکوو گرنگی بە زانستەکانی تریش دراوە وەک پێویستییەکانی ژیانی خەڵکی، یەکێک لەو ناوەندانە خوێندنگەی پزیشکی بووە بە ناوی خوێندنگەی پزیشکی و ساغلەمی «دارالطب و الإستشفاء».

شەرەف‌خانی بەدلیسی تابلۆیەکی لە کتێبەکەی‌دا نەخشاندووە، کە کەسێک لە بەرگی زانایەک‌دا دانیشتووەو وانە بە چەند قوتابیەک دەڵێتەوە، وێنەی خوێندنگەکەو فەرش و تاق و دیوارەکان وینەی خوێندنگەیەکی پزیشکی نیشان دادەت، هەروەکوو شەرەف‌خانی بە خانەی پزیشکی و چارەسەر کردن ناوی بردووە، لەو ڕۆژگارەدا لە شاری ئامێدی‌دا زانستی پزیشکی بە پێوەری ئەوکاتە خوێندراوە (بەدلیسی، ٢٠١٩: ١/٢١٧-٢١٨؛ عبدالسلام ڕۆوف، ١٩٦٩: ٤٣٧-٤٣٩).

زانایەک لە شاری ئامێدی‌دا بە ناوی یەحیابەگەوە هەبووە، شارەزای پزیشکی و بە کار هێنانی ڕووەکە دەرمانییەکان بووە، توانیویەتی لە گوڵ و ڕووەکی سروشتی دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکان دروست بکا. هەر چەندە کەسێکی بنەماڵەی میرانی بادینان بووە، بەڵام مێژووی ژیان و خوێندنی تۆمار نەکراوە، هەتا بتوانرێ زانیاری لەسەر پێگەیشتن و پیشەکەی بنووسرێ (العزاوی، ١٩٩٨: ٨٧).

بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بووە، لە ڕۆژگاری میرایەتی بادینان‌دا شاری ئامێدی بووەتە ناوەندێکی زانست و فەرهەنگ و ئەدەب و خوێندەواری، خوێنگەی قوبەهان کە لە دەرەوەی شارەکەدا بووە ڕۆڵی زانکۆیەکی وەک ئەمڕۆی بینیوە، هەر وەها ناوچەکە لە ڕووەکانی ئاوەدانی و ڕێگاوبان و ئابوورییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. میرەکانی بادینان و ئەو سیاسەتەی پەیڕەویان کردووە ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گەشە کردن و پێشکەوتنی میرایەتییەکەیان لە هەموو ڕووەکانەوە.

## سەرچاوەکان

- بدلیسی، شەرەف‌خان (٢٠١٩). شەرەف‌نامەی بدلیسی، وەرگێرانی: سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی: بنکەی ژین.

- العباسی، محفوظ (١٩٦٩). إمارة بهدينان العباسية، الموصل: مطبعة الجمهورية.

- عبدالسلام رؤوف، عماد (٢٠٠٨). مراكز ثقافية مغمورة في كُردستان: دراسة في أهم المراكز الثقافي التي برزت في كردستان العراق خلال القرون المتأخرة، أربيل: مؤسسة مكرياني.

- عبدالسلام رؤوف، عماد (٢٠١١). المعجم التاريخي لإمارة بهدينان، أربيل: مطبوعات الأكاديمية الكردية.

- العزاوي، عباس و سلفي، حمدي عبدالمجيد و فندي، عبدالكريم (١٩٩٨). العمادية في مختلف العصور، أربيل: مطبعة وزارة الثقافة.

- قەرەداغی، محەممەد عەلی (٢٠٠٠). بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەست خەتەکانیانەوە، بەرگی سێیەم، بەغدا، چاپخانەی خەنسا.

- المايي، أنور (١٩٩٩). الاكراد في بهدينان: بحث تاريخي اجتماعي عن منشأ الاكراد و عقائدهم و عاداتهم و طبائعهم، دهۆك: مطبعة خەبات.

- مصطفى الكتاني، مسعود (٢٠٠٩). مدرسة قوبا - قوبهان، دمشق: هوار.

# Amedi
# A Scientific and Literary Center during Badinan Emirs

| Aras Mohammad Saleh |

**Abstract**

After being chosen as the capital of Badinan Emirs (rulers), Amedi became a scientific and literary center in the region. Various factors contributed to the growth of this city in scientific, literary, economic, and social aspects. The support of Emirs of Badinan for the education, cooperation of the people, the natural geography of the region, and political stability in most cases are considered to have been the most important factors of this prosperity in the territory of Badinan. The development of education and intellectualism was not only in the center of Amedi city, but in most of the cities and villages under this emirate, there were educational centers and famous scholars. One of the most important centers is called Qobahan. This school, which was built in the style of scientific centers of that time, is located outside the city. In addition to the educational space, it also had a rest room, teachers' room, library, and kitchen. Also, several mills and villages were dedicated for its expenses so that the education process would not stop under any circumstances.

In educational centers of Badinan, Islamic sciences were completely taught. Also, the knowledge of traditional medicine, literature, and other things that were needed by the society of that time were also taken care of. This caused culture and civilization to grow in Badinan Emirate.

**Keywords:** Badinan, Emadiyeh, Qobahan, History of education, Manuscript.